کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

## ئەمشەو

ئەحمەد دەشتی



ئەمشۆش دڵم تەژی خەم بوو
وەکو هەموو شەوانی ڕەش
پەژارەکان هێرشیان کرد
هەرچەندم کرد
خەو لە چاوم داناکەوت و
دڵی ژان و بێ ئارامم
دەمێ ئۆخەی لە خۆ نەکرد
سیمای زشتە دیرۆکیەکان
لەود وور دوورە دەردەکەوتن
بە هاواری خەتەرناکیان
لە پەنجەرەو دەروازەکان، ژوور دەکەوتن
زامە کۆن و تازەکانیان نوێ دەکرد و
لەو سەرانە و لەو لوتکانە
تارماییەکان دەردەکەوتن و
وەکو جاران خۆیان دەنواند
لە تاریکی و ژووری قەفەنەس
نامەردەکان دیسانەکە دەیان مڕاند
لەو پەنجەرە ڕەش و دوونە
دەمبیستەوە هەستی ناکەس
لێم دیار بوون گشت ئەوانەی
کە تا دوێنێ دەست بە خوێن بوون
بە ئاواتی سەرکەوتنیان
چاڵیان دەکەند بۆ دڵسۆزان
لەو نەزیکە هاوریان بوو
شکەستەکان وەسەر دەخەین
کێ کە پاک و کێ ڕاستگۆبێ
لێ ناگەڕێن سەرکەوتوو بن
سیمای جوانی تابلۆکانم
لەو دەڤەرە وەدی دەکرد
بە خەتێکی ڕوون و ڕەوان
لەو بالایە وا نوسرابوو
ئەگەر بێت و هەروا بڕوا و
گەندەلکاران دەستیان نەبڕێ
دیرۆکی کۆن ئاشکرایە دەگەڕێتەوە
کارەسات و نەکسەی شوممان
بۆ هەتایە سەر لە نوێ بۆ دێتەوە